# حوکمی کردنەوەی جێگا وشوێنێک بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی کە پەیوەستن بە سێکسەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ موحەممەد ساڵح المنجد

**وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1436

IslamHouse.com

# حكم فتح محل خاص لبيع المنتجات المتعلقة بالجنس

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# حوكمی كردنەوەی جێگا وشوێنێک بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی كە پەیوەستن بە سێکسەوە

ئـەم پـرسیــارە ئـاڕاستـەی ماڵپەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام كراوە :

**پرسيار** : ئـایا حـوكمـی كردنـەوەی شوێنێك بۆ فرۆشتنـی ئـەو بـەرهـەم و ئـەدەواتـانـەی كـە پـەیوەستـە بـە سێکسـەوە چیـە ؟

**وەڵام** : سوپـاس وستـایـش بـۆ خـوای گـەورە ومـیـهرەبـان ودرود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤـایـەتـی محـمدی پێغـەمبـەری ئـیسلام و ئـال وبـەیت و هـاوەڵ وشوێنكـەوتوانـی هـەتـا هـەتـایـە .

ئـەو شوێنـانـەی كـە ئـەو كـەلوپـەلانـە دەفرۆشن پـەیوەستن بـە سێکسـەوە، دوو جۆرن :

**جۆری یەکەم :** ئەو شوێنانەی کە کەلوپەلی سێکسی دەفرۆشن، وەك ئەوەی لە وولاتانی بێباوەڕدا هەیە، ئەم دووکان و شوێنانە ئەم تێبینیانەیان لەسەرە :

هەندێك کەلوپەلیان تێدایە بێگومان حەرامە فرۆشتنیان، وەك بوکەڵەی ئافرەت، و وچۆك ( ئەندامی نێرینەی پیاوان ) و ئەندامی مێینەی ئافرەت، و هەندێك کەلوپەلی تر کە کەسانی ڕەگەز باز بەکاری دەهێنن، هەندێك کەلوپەلی تریان تێدایە حەڵاڵە فرۆشتنیان وەك جلوبەرگ و بۆنی خۆش و هەندێك مەرهەم وهاوشێوەی ئەم شتانە، بەڵام ئەو کەسانەی هاتوچۆی ئەم دوکان وشوێنانە دەکەن زۆربەیان کەسانی خراپ وفاسق و زینا کار و خاوەن ڕەوشتی ناپەسەندن، ئەگەر جەنابت پرسیار لەم بارەی ئەم جۆرەیانە دوکان و شوێنانەوە دەکەیت، ئەوە بێگومان کردنەوەیان حەرامە، حەرامە کردنەوەی ئەم جۆرە دوکانانە و کارکردنیش تێیاندا، لەبەر ئەوەی کاری حەرامی پێ ئەنجام دەدرێت، و خراپە و خراپەکاری لەڕیگایانەوە بڵاو

دەكرێتەوە، و گوناهی گەورە و فاحشەیان پێ برەو دەدرێت، و هەمیشەیش لەگەڵ كەسانی خراپ و فاسق و زیناكار و ڕەگەز بازدا مامەڵە دەكەیت، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ [ المائدة : ٢ ] واتا : ئەی باوەڕداران یارمەتی و كۆمەكیی یەكتر بكەن لەسەر چاكەو خواناسی، نەكەن یارمەتی وكۆمەكی یەكتر بكەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسن و پارێزكار بن، چونكە بەڕاستی خوا زۆر بەتوندی تۆڵە دەسێنێت .

بۆیە واجبە لەسەر موسڵمان بەپێی توانا ڕێگری بكات لە كردنەوەی ئەم جۆرە دوكان و جێگایانە، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ » [ رواه مسلم ٧٨ ] واتا : هەركەسێك خراپەیێكی بینی _ ئەگەر توانای هەبوو _ با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوە با بە زمانی بیگۆڕێت _ واتا با بە ئامۆژگاری و بانگەوازی خێر ڕیگری

لێ بکات _ ئەگەر هەر نەیتوانی ئەوا با بە دڵی پێی ناخۆش بێت، ئەوەش لاوازترین پلەی باوەڕە .

**جۆری دووەم** : ئەوەی هەندێك ناویان لێناوە « دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی سێکسی حەڵاڵ » ئەم دوکان وجێگایانە خاوەنەکانیان دەڵێن : ئێمە هیچ کەلوپەلێك نافرۆشین کە لە ڕووی شەرعەوە حەرام بێت، وەك فرۆشتنی جلوبەرگ و بۆن و مەرهەم و دەواو و دەرمانی سێکسی، وهاوشێوەی ئەم کەلوپەلانە، ئەم دوکانانە هەرچەند خاوەنەکانیان لە ڕووی شەرعەوە پابەندن بە ڕێنومایییەکانی شەریعەتی ئیسلام، بەڵام خۆی لەخۆیدا دوو خراپە و مەفسەدەی لێ دەبێتەوە :

**خراپەی یەکەم** : دەبێتە بڵاوبونەوەی جێگا و دوکانەکانی فرۆشتنی کەلوپەلە سێکسیەکان بەهەموو شێوە بەناو بانگەکانیەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی نەهێشتنی شەرم و شکۆ لەنێو کۆمەڵگە و تاکەکانیدا کە شەرع فەرمانی

پێکردووه، لە لایەکی تریشەوە شوێن کەوتن و شوێن پێهەڵگرتنی بێباوەڕ و کەسانی خراپەکارە، لەو ڕووەوە کە سێکس ( نەك زەواج کردن ) بکەن بە یەکێك لە ڕەوشەکانی ژیان، بە شێوەیەك کەس شەرم نەکات لە ئەنجامدانی زینا و داوێن پیسی و باسکردن و برەو پێدانی لە نێو خەڵکیدا، تەنانەت لە نێوان مناڵ و دایکان وباوکاندا .

**خراپەی دووەم** : زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی موشتەری و هاتوچۆرکەرانی ئەم جێگا و شوێنانەن کەسانێکی خراپەکار و فاسقن کە شەرم وشکۆیان نەماوە، بە تایبەت ئێمە دەزانین کە ئەم جێگا وشوێنانە لەو وولاتانەدا ڕێگا بەکردنەوەیان دەدرێت کە لە هەموو ڕەوشت و بەها پیرۆزەکان داماڵراوون، بەڵام بە نسبەت ئەو پیاوانەی کە خێزاندارن زۆرێکیان هەر شەرم دەکەن بچنە ناو ئەم شوێنانەوە، چونکە لە حاڵەتی پێویستی بوونیشیان بە هەندێك لەو بەرهەمانە ئەوا دەڕۆن لە کۆگاکانی جلوبەرگ و

بۆنـی خۆش فرۆشتن و دەرمانخانـەکاندا دەیکرێن و خۆیان دەپارێزن لـە هاتوچۆکردن بۆ ئـەو جێگایانـە .

تـەنانـەت ئـەگـەر ئـەو کـەسـەشی کـە کـەلوپـەلێك دەفرشێت بزانێت ئـەو کـەسـەی کـە لێی دەکڕێت لـە کارێکی حـەرامدا بـەکاری دەهێنێت ئـەوا دروست نییـە بۆی پێی بفرۆشێت .

شێخ الاسلام ابن تيمية ( ڕەحمـەتی خوای لـێ بێت ) دەڵێت :

« كل شعار وعلامة يدخل بها المرء في زمرة من تكره طريقته ، بحيث يبقى كالسيما عليه : فإنه ينبغي اجتنابها ، وإبعادها ، وكل لباس يغلب على الظن أنه يستعان بلبسه على معصية : فلا يجوز بيعه وخياطته لمن يستعين به على المعصية والظلم » [ شرح العمدة ( ٢ / ٣٨٦ – ٣٨٧ ) ] واتـا : هـەموو شیعار و نیشانـەیـەك مرۆڤ وا لـێ بکات کـە بیخاتـە نێو تاقم و کۆمـەڵێکـەوە کـە ڕێگا و ڕێچکـەیان خرا بێت، بـەجۆرێك بیکات بـە سیما وشکلێك بـەسـەرەیـەوە، ئـەوە دەبێت لێی دوور بکـەوێتـەوە و نزیکی نـەکـەوێتـەوە، هـەر جلوبـەرگێکیش مرۆڤ گومانـی زۆری لـەسـەر ئـەوە

بێت کە بۆ گوناهو خراپەکاری لەبەر دەکرێت ئەوا دروست نییە فرۆشتن و دروین بەو کەسانەی کە دەزانیت یارمەتیدەریان دەبێت لەسەر گوناهو تاوان .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .